

"کۆچی دوایی هاوڕێیەکی خۆشەویست"

مەخابن، هاوڕێیەکی دیکە و کەسایەتییەکی خۆشناوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیکەی کوردستان لە شاری مەریوان، بەهۆی تووشبوونییەوە بە پەتای کۆرۆنا، ماڵئاوایی لە ژیان کرد و بۆ هەمیشە کۆڕی ئازیزانی بەجێهێشت. کاک "محەممەد جالە"، پێش شۆڕشی گەلانی ئێران، دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی شۆڕشگێڕی خۆی، پەیوەندی بە شانە نهێنییەکانی ڕەوتی چریکە فیدائییەکانی گەلی ئێرانەوە گرت و پاش شۆڕش، چالاکانە لە دامەزراندنی دەفتەری پیشگامدا دەوری بینی و دواتر، دوای شەڕی سێ مانگە، لە کردنەوەی دەفتەری لایەنگرانی فیداییدا بەشدار بوو. هەر لەو سەردەمەدا، کتێب فرۆشییەکی گەورەی دامەزراند، کە لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی چەپ و ڕەوتی پێشکەوتووخوازانەی ناو کۆمەڵگەدا، بەنرخ و سوودبەخش بوو. کاک محەممەد، لە هەموو چالاکییەکانی ئەو سەردەمەدا، وەک ئەندامێکی کارای ڕەوتی فیدایی، بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەرگری لە شار و کۆچی مێژوویی مەریوان و هتد؛ بەشداریی چالاک و لێبڕاوانەی هەبوو. دواتر وەک کەسایەتییەکی خۆشناو و جێی متمانەی شاری مەریوان، دەکرا پشتی پێ ببەستی و ورە و هێزی لێ وەربگری. کاک محەممەد لە تەنیشت، تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤێکی لە دڵ نزیک و قسەخۆش بوو. بەردەوام دەوری، پڕ بوو لە خەڵکانی باش و بە دەنگە خۆشەکەی، خەمڕەوێنی ڕۆژانی دڵتەنگیی یارانی ئازیزی بوو.

بێگومان، کۆچی دوایی کەسایەتییەکی خۆشناوی وەک کاک محەممەد جالە، زیانێکی گەورەیە بۆ بنەماڵە و هاوڕێیانی و خەڵکی کوردستان. ئێمە وەک بەشێک لە دۆستان و هاوڕێیانی کاک محەممەد، لە دەرەوەی وڵات، خۆمان بە بەشدار و هاوخەمی ئەم کۆستە گەورەیە ئەزانین و لە ناخی دڵمانەوە، هیوای سەبووری و تەندروستی بۆ بنەماڵەی بەڕێزی و هەموو ئازیزانی ئەخوازین.

یاد و ناوی کاک محەممەد جالە، بەرز و بەڕێز بێت.

٧ی خەزەڵوەر ٢٠٢٠

مەجید ئیبراهیمی

حەیدەر ئیبراهیمی

چەکۆ ئەحمەدی

ناسر ئەشرەفی

محەمەد سدیق ئەمجەدی

ئاسۆ ئامدیان

محەمەد بەرزەنجی

ئێقباڵ پەرتەوی

قادر پولادیان

ئێقباڵ تورکی

کەیومەرس جەعفەری

چیمەن جەوانروودی

عەتا حوسەینی

خەلیل حواری نەسەب

هیوا خوشنمەک

عەلی خوشنمەک

ئاریز دارابپوور

رووناک رەحیمی

جەهانبەخش رۆستەمی

غوڵام زەنگەنە

تۆفێق سوهرابی

سەعید شمس ئەلدینی

یدێ سەناعەتی

سەعید سەییدی

ئافاق توفانی

فەرشید عەزیز خان

ئەرسەلان عەزیزی

مەسعوود فەتحی

شەرافەت قاسم نژاد

زاهێد کەریمی

موختار کەریمی

عەلی کەریمی

رەووف کەعبی

رەزا کەعبی

عەزیزە مورادی

تەیموور موستەفاسوڵتانی

عەبدووڵا موستەفاسوڵتانی

مێهدی میهرپەروەر

شنۆ میهرپەروەر

چنوور میهرپەروەر

سەلاح میهرپەروەر

عارف نادری

وریا ناسری